لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی لە پارێزگاکانی دیالێ وسەلاحەددین ونینەوا یەکدەگرن



چوارچێوەی هەماهەنگی کە هێزە سیاسییە شیعەکان لەخۆدەگرێت، بڕیاری خێی بێ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بە هاوپەیمانییەکی یەکگرتو لە هەرسێ پارێزگای دیالە، نەینەوا و سەلاحەدین راگەیاند.

بەشی ڕاگەیاندنی چوارچێوەی هەماهەنگی، لە ڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، "چوارچێوەی هەماهەنگی کێبونەوەی ئاسایی خێی ژمارە (229) لە نوسینگەی عەبدولستدە فرێجی ئەمینداری گشتی هاوپەیمانی نەهجی وەتەنی بە ئامادەبونی محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق، بۆ تاوتوێکردنی دواین پێشهاتەکانی گۆڕەپانی نیشتمانی ئەنجامدا".

ئاماژەی بەوەشکرد، "ئامادەبوان سەرەخێشی خۆیان ئاراستەی کەسوکاری قوربانیانی ڕووداوەکەی کۆڵۆژی سەربازی چوارەم لە پارێزگای زیقار کرد، هاوکات جەختیان لەسەر پێویستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە بەردەوامەکان و لێپرسینەوە لەگەڵ بەرپرسان کردەوە، هەروەها جەختیان لەسەر کاری لەپێشینە بۆ پاراستنی ژیانی گەنجانی فرخوازان کردەوە".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "ئامادەبوان باسیان لە ئامادەکاریيەکانی کەمپینی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کردوە، جەختیان لەسەر پێویستی پشکەشکردنی پشتیوانی پێویست و تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکان کردەوە".

ئونیشیکردەوە، "بە پشتبەستن بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، چوارچێوەی هەماهەنگی بۆیاریداوە هاوپەیمانی یەکگرتو لە پارێزگاکانی دیالە و سەڵاحەدین و نەینەوا بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران بکات".